## چەند ووشەیەک

دروســتبوونی کۆمــاری مــەهاباد یەکێکــە لەهــەرە گــەورەترین ڕووداوەکــانی مێــژووی هاوچەرخی کورد. کە تیـایدا بـۆ یەکـەم جـار لـە مێـژووی نوێیـدا کـورد، کۆمـارێکی سـەربەخۆو ئازادی بۆ خۆی پێك هێناو توانی، ئەگـەر چی بۆ ماوەیــەکی زۆر کــەمیش بێــت، خــۆی فەرمانڕەوایەتی خۆی بکات و دامو دەستگاکانی حکومـەت دابمـەزرێنێت و کار و بارەکانی بـەرێت بە ڕێوە، و بۆ یەکەمین جـار لـە مێژوویشـدا، بـە ئـازادی گۆڤـار و ڕۆژنامــەی خــۆی دەربکــات و هەوڵی بە کوردی کردنی خوێندن و بوژاندنەوەی کەلـەپورو کـەلتوری نەتـەوەیی خـۆی بـدات، ئـەم ڕووداوە هەمیشە لە لاپەڕەی زێڕینی مێژووی ئەم

نەتەوەیەدا بە تۆمارکراوی دەمێنێتەوەو هەمیشە یادی ئەو کەڵە پیاوانەی دەستیان بوو لە دروستکردن و چەسپاندنی کۆمارەکەدا و لە پێناویدا ژیان و ماڵ و گیانی خۆیان خستە سەر دەست و بە خوێن هەوڵی پاراستن و پارێزگاریان دا بە زیندوویی و نەمری دەکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەی گەلێك نووسین و کتێب لەسەر ئەم کۆمارە نووسراوەو هەر دەشنوسرێت، بەڵام نرخی ئەم نووسینە لەوەدایە، کە نووسەرەکەی (ئارچی روزڤلت) لەو کاتەدا، یاریدەدەری پاشبەندی سەربازی ئەمەریکی بووە لە تاران و یەکێکە لەو چوار ئەمەریکیەی کە لە کاتی خۆیدا دیدەنی کۆمارە کەم خایەنەکەی کوردیان کردوە، زۆر لەنزیکەوە ئاگاداری رووداوەکان بوە لەپاش روخاندنی کۆمارەکەش بەچەند مانگێك ئەم نووسینەی لەگۆڤاری (میدل ئیست)دا بڵاوکردۆتەوە وەك گەواهی رووداوەکان بەڵام تا ئێستا نرخ و بەهایەکی مێژووی پتەوی هەیە،

لەبەرئەوەی هەندێك ڕووداوی تێدایە کە تەنانەت ئەوانەشی لە ناویدا ژیاون، ئاگاداری نین.

هیوادارم ئەم پەرچڤەیەی منیش بێ سوود نەبێت و بچێتە پاڵ ئەو هەوڵانەی بۆ تۆماری ڕاستیەکانی ئەم کۆمارە نازدارەی کورد دراون.

**ئەکرەم قەرەداخی**

## کۆمارە کوردیەکەی

## مەهاباد

کوردستانێکی ئازاد، خەونی نەتەوە پەروەرانی کورد بوو، ئەم خەونەش لە کانونی

یەکـەمی سـاڵی (١٩٤٥)ەوە تـا کـانونی یەکـەمی ساڵی ١٩٤٦ دا هاتە دی.

سەرەتای دروست بوونی کۆمارە کوردی یە بچوکەکـەو مێـژووە کورتــە گـەردە لوولیەکــەی و رووخاندنە لە پڕەکەی یەکێکە لە هەرە باسە دیارە گرنگــەکانی ئــەمڕۆی خۆرهــەڵاتی ناوەڕاســـت. یەکێکە لە باسە دژوارە سەرسوڕماوەکانی جەنگی دژ بە ئیمپریالیزمو سیستەمە کۆمەڵایەتیـەکان و ســوارچاکی ســـەدەکانی ناوەڕاســـت و نەتـــەوە پەرســتنێکی ئایدیـالی، ئەمانــە هــەموویان وێنــە ئاڵۆزەکـەی کـورد دەخەنــە بــەرچاو کــە کــورد نەتەوەیـەکی یەکنەگرتوەو لـە نـاو پێنـج دەوڵــەتدا پــەرش و بڵاوکراوەتــەوە و هیـــچ یــەکێك لـــەو دەوڵەتانە بۆ بەجێ هێنانی ئاواتە نەتەوەییـەکانی کورد دڵسۆز نین.

لـە ئـەیلولی ١٩٤١ دا، هیزەکـانی بــەریتانیاو سـۆڤیەت، ئیرانیـان داگـیرکرد و ئــەو دەســـتەڵاتە

ئازاراویەی رەزا شای پەهلەوی دروستی کردبوو. دایان گرتە خوارەوەو. کاتێك سەربازەکانی رەزا شا شکان. چەکەکانیان فرۆشت و دایانە ئەو هۆزانەی کە تا ئەو کاتەش لە شاخە چۆڵەکانی ئێراندا خێوەتیان هەڵدابوو.

لەگەڵ ئەوەی پیرە شا، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە ئەو هێزانە بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بەڵام ئەوان پارێزگاری جۆری ژیان و نەریتی تایبەتی خۆیان کردبوو.

لە ناو ئەوانەی کەڵکیان لە کەوتنەکەی ئێران وەرگرت، ئەو هۆزە کوردانە بوو کە لە چیاکانی نێوان سنوورەکانی عێراق و تورکیادا دەژیان، لە ماکۆوە کە دەکەوێتە لا پاڵەکانی چیای ئارارات و لە باکورەوە، بەرەو قەسری شیرین لە سەر رێگای نێوان کرمانشاو بەغداد لە باشوورەوە، لە باکوردا ئەو هۆزە کوردانەی لەو شاخانەی کەوتبونە خۆرئاوای دەریاچەی (ورمێ) ***URMIEH*** وە نیشتە جێبون، خۆیان دیوە کە بە سەربازە

چەکدارە بەهێزەکانی رووسەوە دەورە دراون لە رەزائیە *RAZIEH* و شاهبور و خوی *KHOI* و ماکو *MAKU*، نەبوونی هێزێکی دەسەڵاتداری ئێرانی لە ناوچەکەدا بووە هۆی دروست بوونی پەیوەندیە سۆڤیەتیەکان لەگەڵ هۆزە کوردەکاندا، لە باکورەوە جەلالیەکان، لەو شاخانەی کەوتبوونە خۆرئاوای شاهپورەوە لەگەڵ شکاك و لە خۆرئاوای رەزائیەش لەگەڵ هەرکیەکان، رێگاش بە سەرۆکەکانی ئەم هۆزانە درابوو کە کاروبارەکانی خۆیان و، خۆیان بە یارمەتی سۆڤیەتیەکان ببەن بە رێوە. تەنها، داوای سۆڤیەتیەکان لە بەرامبەر ئەمەدا ئەوە بوو کە ئەو هۆزانە، ئاسایش بپارێزن و گەنم بۆ سوپای سور دەستەبەر بکەن.

لە بەشە باشوورەکانی ناوچە کوردیەکە، لە نزیک رێگای نێوان کرمانشاه بەغداد کە ناوچەی تێکەڵ بوونی هاوپەیمانە خۆرئاوایەکان و یەکێتی سۆڤیەت بوو، ئا لەو ناوچەیەدا، هێزی

بـەریتانی توانـی هـۆزە کوردەکـانی ناوچەکـە دامرکێنێت. ئـەو ناوچەیـەی کـە ئێرانیـەکان بـە جێیـان هێشـتبوو کـەوتبووە نێـوان هـێزی سـۆڤیەتی و هـێزی بـەریتانی ناوچەیـەکی پـان و بـەرین و فـراوان بـوو، کوردەکـان لـە توانایـاندا هـەبوو جـارێکی دی خودموختـاری (ئۆتۆنۆمـی) خۆیان بە دەست بهێننەوە لە ناوچەکەدا.

لـە سـەرەتادا، مەڵبـەندی گـرژی و ئـاڵۆزی و تێکچوونـی نائـارامی بریتـی بـوو لـە : چیاکـانی مـەریوان و هـەورامان کـە مـەحمودخانی کـانی سانان، دەستەڵاتێکی کـەم خایـەنی بۆ خۆی پێك هێنـابوو، و لـە بانـە حەمـە رەشـید خـان کـە ماوەیـەکی زۆر، دوور خرابـوەوە بـۆ عـێراق حوکمڕانیـەکی پێـك هێنـابوو کـە سـەقز و سەردەشتی دەگرتەوە.

ئـەم دووسـەرەك هـۆزە لـە لایـەن حکومـەتی ئێرانەوە وەك نیمچە فـەرمی (رەسمـی) پارێزگـاری ناوچەکەی خۆیان بوون، بە دان پیانراوی، بـەڵام

هەردووکیان هەر بە هۆی لەشکری ئێرانیشەوە بۆ عێراق دەرکران کاتێك کە سەرلەنوێ ناوچەکە رێك خرایەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥ دا جارێکی دی، زوربەی کوردستان لە نێوان هێڵی بانەو سەقز و سەردەشت دا کەوتەوە دەست حکومەتی ئێرانی واتە ناوچەکە زۆر بچوکبوەوە لە نێوان ئەم هێڵەو هێڵی سۆڤیەتی دا. کە لە رەزائیە جێگیر بوو، تاکە شارێك کە لەم ناوچەیەدا هەبوو، شاری مەهاباد بوو، کە لە پێش دا بە سابلاخ ناوی دەرکردبوو چەند میلێکی کەم لە خواروی دەریاچەی ورمێوەیە.

## دروست بوونی کۆمەڵە

لە شاری مهاباددا کە هاوپەیمانەکان ڕێگەی خۆ بەڕێوەبردنیان دابوو، نویٚ ترین بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە دایک بوو، لە ١٦ ی ئابی ١٩٤٣ دا، دوانزە لاوی کورد کە زوربەیان ووردە بازرگان و فەرمانبەری بچوکی ناو شار بوون (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) (*Commette of Kurdish Youth*) یان دروست کرد. لە بەر پاراستنی نهێنی خۆیان، ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەکەیان لە سەد کەس کەمتر هێشتەوە، بە شێوەی شانە ڕێك خران کۆبوونەوە نیمچە هەفتەیەکان هەرگیز لە ماڵێکدا دوو جار ڕێك نەدەخرا، بەرنامەو دەستوری کۆمەڵە نەتەوەیی رادیکال بوو، بوونە ئەندامیش تەنها بۆ ئەوانە

بوو كه به تەواوی رەسەنن واتە باوك و دايكيان كورد بوو (يەك رەگ بوون)، تاكە لادانێك لەم ياسايە بۆ ئەوانە بوو كە دايكيان ئاسوری بوو، ئەمەش ئەو پەيوەندیيە قوڵە دەردەخات كە لە نێوان كورد و ئاسوری دا هەيە.

كۆمەڵە زۆر بە زويی بڵاو بوەوە و پەرەی سەند نەك تەنها لە ئێراندا بەڵكو لە وولاتەكانی ديكەی دراوسێشدا، چونكە كوردەكان وا سەيری ئەم كۆمەڵە نوێيەيان دەكرد كە زۆر بە هێز و چالاكترن لە هەموو پارتە نەتەوەييە تەقليديەكانی ديكە.

هەنديك لقی كۆمەلە لە عيراقدا، لە شاری موسل و كەركوك و هەولير و سليمانی و رەواندز و شەقلاوە دروست ببون، هەروەها لقيكی ديكەی كۆمەلە لە توركيا دروست بوو، لەو كاتەدا لەوی هەر چالاكيەكی كورد پەروەری سزاكەی مردن بوو.

سەرۆك هۆزەكانی دەوروبەری مهاباد نێردراوی خۆیان نارد و یارمەتی دانیشیان پیشاندا، بەڵام ئەوان پێیان ووتن كە ئێستا پێویستیان بە یارمەتی نیە و لەوانەیە لە پاشەڕۆژدا داوایان لێ بكەن.

شتێكی ئاشكرا بوو، كە هەردوو خاوەن دەسەڵاتەكە (بەریتانیاو یەكێتی سۆڤیەت) كە لە بەڕێوەبردنی ناوچەكەدا بەشدار بوون ڕێگەیان بە دروست كردنی كۆمەڵە دابوو.

بەریتانیەكان، كە چاڵە نەوتەكانیان دەكەوتە ناوچەكەوە، بە باشی چاودێری پەرەسەندنی گۆڕانكاریەكانیان دەكرد، جاری وا هەبوو، ڕاوێژكاری سیاسیان لە موسڵ تا مەهاباد دەڕۆیی و، لە هەمان كاتیشدا پیاوەكانی لە ڕەواندز و كەركوك و هەولێر و سلێمانی جێگیر بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، بەریتانیا نەیدەتوانی هانی كوردەكان بدات بێ ئەوەی بەرەنگاری عەرەبەكان ببێتەوە لەبەرئەوە بەریتانیا بەرامبەر بە پێشنیازی كوردە

نەتـەوە پـەروەرەکان گـوێی خـۆی کـەڕ کردبوو.

هاتنە ناوەوەی سۆڤیەت

لەگەڵ سۆڤیەت دا مەسەلەکە جیاوازبوو، لە پێشدا ئامادە نەبون کە کاری چالاك لەگەڵ کورددا ئەنجام بدەن، لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٢ دا جارێك ئەوەیان کرد، ئەوە بوو ئاغا بەناوبانگەکانیان بانگکرد بۆ باکۆ.

لە بەهاری هەمان ساڵدا، کاتێك کوردەکان چەند گوندێکیان لە خۆرئاوای دەریاچەی ورمێ گرتە دەست، سۆڤیەتیەکان ژەندرمەو سەربازە ئێرانیەکانیان گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان، (لەگەڵ ئەوەی هەموو راژەیەکی چاوەڕوان لێکراویان بە هۆی دەست خستنە کاروبارەکانەوە، بە بەردەوامی، پوچەڵ دەکردەوە) لە دوایدا سۆڤیەتیەکان گرنگی حاڵەتەکەیان بۆ دەرکەوت.

لە ساڵی ١٩٤٤ دا، ژمارەیەکی زۆر ئەفسەرو سیاسی سۆڤیەت و بە کرێ گیراویان لە کوردستان و ئازەربایجاندا بڵاو بوونەوە وە زۆربەیان لە مسوڵمانەکانی ئازربایجانی سۆڤیەتی بوون.

قونسـولّیەتی سـۆڤیەتی لـە رەزائیـە بـووە مەڵبـەندی کارەکـان، یـەکێك لـە کوردەکـانی سۆڤیەت (کە ژمارەیان ((١٠٠٠٠٠)) کەسێکە) بە ناوی کاپتن جەعفەرۆف بەڕێوەی دەبرد، بە جلی کوردی‌یـەوە بـە ئـازادی بـە نـاو گونـدو هـۆزە کوردی‌یەکاندا دەسوڕایەوە.

چالاکی سۆڤیەت لە مهاباددا، بە تەواوی لەو کاتەوە، باس دەکرێت کە دوان لەو سۆڤیەتیانە بە ناوی (عبدالله ئۆف و حاجیۆڤ) بە بیانوی ئەسپ کڕینەوە بۆ سوپای سور، دەرکەوتن، لەوەدەچێت لە یەکەم جاردا ڕێکەوت لەگەڵ هەندێك کەسانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورددا یەکی خستبێ.

چیرۆکەکە، بەوە دەست پێ دەکات کە عبدالله ئۆڤ لە دوکانی شەراب فرۆشـێکی ئەرمـەنی لـە مهاباد پیاوێکی پێ دەگات کە جلی نەتەوایەتی کـوردی لـە بەردایـە زۆر وەسـفی جوانـی بەرگـە کوردی‌یەکـە دەکـات[1]، و ئـەم قسـانە، سـەرنجی

کوره کوردەکە رادەکیشیت، بە ریکەوتیش خۆی یەکیك دەبیت لە دامەزرینەرانی کۆمەڵەو ئیتر دەکەونە قسە کردن، کوردەکە لێی دەپرسیت ئایا سۆڤیەتیەکان چەکمان پێ دەدەن، ئەگەر کوردەکان هەوڵ بدەن بۆ دامەزراندنی پارتیکی کوردی.

عەبدولائۆف، خۆی لە پرسیارەکە گێل دەکات و دەلیت: (ئیوە لە کێ دەترسن ؟!!) کوردەکە لە وەلامدا دەلیت، تەنها ترسیان لە خانەکانی خۆیان هەیە، عبدولائۆف لەوەلامدا زۆر بە خراپەو بەدناوی ناوی خانەکان دەبات ئیتر کوردەکە عبدولائۆف دەباتە خانویەکی تایبەتی و لەوی پیشکەشی هەندیك سەرکردەی دیکەی کۆمەلەی دەکات، بەو شیوەیە پەیوەندیەکان لەگەل سۆڤیەتیەکاندا پەرە دەسینیت و بەهیز دەبیت، یەکیك لەو سەرکردانەی کە رووسی دەزانیت دەبیتە بەرپرسی پەیوەندیەکان لەگەل سۆڤیەت دا. لەگەل ئەوەی بە پێی بەرنامە و

پرۆگرامی کۆمەڵە ڕێگا بەوە دەدرێت کە داوای یارمەتی لە هەریەکیَ لە سیَ دەوڵەتە گەروەکەی هاوپەیمانان بکرێت، بەڵام چارەنووس بەرەو خولگەی سۆڤیەتی بردن.

لەو کاتەدا (ڤۆکس *VOXS*) ڕێکخراوی پروپاگەندەی جیهانی سۆڤیەتی دەستی کرد بە دامەزراندنی ژمارەیەك لە کۆمەڵەکانی پەیوەندی کەلتوری نێوان سۆڤیەت و ئێران، لە هەموو ناوچەکانی ئێراندا، لە بەر ئەوەی کۆمەڵەش زۆر گەورە بو بوو، نەی دەتوانی تەنها لەو خانوەدا کۆبوونەوە بکات، بۆیە سەرۆکەکانی کۆمەڵە داوایان لە سۆڤیەتیەکان کرد، کە لقێکیش لەو کۆمەڵە ڕۆشنبیریانە لە مەهابادا بکەنەوە، بە هیوای ئەوەی کە شوێنێك بۆ کۆبونەوەکانیان پەیداکەن و سەرنجێکی ئەوتۆش ڕانەکێشێت. سۆڤیەتیەکان پێشنیازەکەیان پیَ خۆش بوو، لقێکیان لەویَ کردەوە، نەك بە ناوی کۆمەڵەی پەیوەندیەکانی سۆڤیەت و ئێرانەوە، بەڵکو بە

نـــاوی کۆمەڵـــەی پەیوەندیـــە کەلتوریـــەکانی کوردستان و سۆڤیەتەوە (ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردستان و شورەوی)، ئەوەندەی نەبرد ئەم یانەیە پڕ بو لە کورد، کوردەکانیش وەك پێزانینێك بۆ ئەم پاڵپشتە، (دە سندوقی پڕ لە جگەرەی دروست کراو بە توتنی خۆماڵی کوردییان نارد بۆ سەرکەوتوەکانی لینینگراد).

لە ئاهەنگێکدا، کە کۆمەڵە لە نیسانی ١٩٤٥ دا لە یانەکەدا کردی، خۆی ئاشکرا کرد، قونسولی سۆڤیەتی لە رەزائیە و سەرۆکی کۆمەڵەی هۆکس لە ئازربایجان وەك ئەندامی شەرەف بانگکرابوون، یەکێك لە هەرە بەندە سەرەکیەکانی پرۆگرامەکە، ئۆپێرایەك بوو کە تیایدا ژنێك بە ناوی (دایکی نیشتمانەوە *Mother native land*) وا پیشان درا کە دایکەکە لە لایەن سێ کەسی دڕندە (عێراق ئێران توركیا) ئازار دەدرێت و سووکایەتی پێ دەکرێت، لە پاشدا کوڕە ئازاکانی خۆی، لە دەست ئەو دڕندانەی،

رزگاری دەکەن ئەم دیمەنانە، لە قولاییەوە بینەرەکانی هەژاند، ئەوەی هەر لە کۆنەوە بە خوێنی یەکتری تینو و بە درێژایی ژیان دوژمن بە یەك، هەریەکە خۆی دەدا بە سەر شانی هاوەڵەکەیدا و دەستیان دەکردە گریان و سوێندیان دەخوارد کە تۆڵەی کوردستان بکەنەوە.

هەر لەم ئاهەنگەدا، قازی محمد کە لە پاشدا بووە سەرۆکی حکومەتە کوردی‌یەکە، بە ئەندام وەرگیرا، ئەمەش دڵی سۆڤیەتیەکانی خۆش کرد، چونکە دەمێك بوو، لەم رێکخراوە دیموکراتیەی کۆمەڵە نیگەران بوون، ماوەیەك بوو دەگەڕان بەدوای کەسێکدا کە ئەم رێکخراوەیان بە پێی نیازەکانی خۆیان بۆ بەڕێوەبەرێت.

لە پێشدا، سۆڤیەت، کە بە تەواوی لە هێزی هۆزەکان گەیشتبوون، خۆیان نزیك کردەوە لە سەرۆك هۆزەکان و داوایان لێ کردن کە

سـەرۆكايەتی بزوتنـەوەی نەتەوايـەتی بگرنـە دەست، بەڵام لە نـاو ئـەواندا تـەنيا سـيانيان بـە تەواوی بۆ ئەم كارە لێهاتووبوون.

قـەرەنی ئاغـای سـەرۆكی بەشـكۆی هـۆزی مامش، و سـەرۆكی بـاوەڕپێكراوی يـەكێتی نێـوان هۆزی مامش، و هۆزی شكاك شێخ و پيرە باپيری كوردستان عومەر خانی شەريفی، و ئـەمير ئەسـەد ديبوكری بەرگەگر و پارێزگـارو سـەرۆكی فـەخری ژەندرمە كە لە لايـەن حكومـەتی ئێرانـەوە كرابـووە بەرپرسی ئاسايشی ناوچەكە.

روولی نانەكەی سۆڤيەت بۆ ئەم سی كەسـە، بـە شـيوەی مراوەغەيـەكی پـر لـە ريـزەوە، لای ئـەوان، وەرگيرا، لـە بەرئـەوە سۆڤيەت ناچـار بـوو روو بكاتـە قـازی محمـد كـە ئـەو كاتـە، لـە بـاوو باپيريەوە قازی و سەرۆكی ئاينی مـەهاباد بـوو، و يـەكيك بـوو لـە ئـەندامانی خيزانيكی زۆر بـەريزی شـارەكە، زۆربـەی جـار، سـۆڤيەتيەكان دەبوونـە ميوانی. لە مالەوە، لە پاشدا يارمـەتيان دا بـەوەی

فشار بخەنە سەر حکومەتی ئیرانی بە گۆرینی (ئەمیر ئەسەد) نوینەری حکومەت،  بە براکەی کە ناوی سەیفی قازی بوو و وەزیفەی فەرماندەی ژەندرمەی پی برا.

ئەلین، قازی محمد پاش دروست بوونی کۆمەلە بە سالیك ئەوسا بە دروستبوونەکەی زانیبوو، لە پاشدا چەند نیراویکی خۆی راستەوخۆ بۆ ناردن، دلسۆزی خۆی بۆ پیشرەوەکانی کۆمەلە پیشان دا بوو، سەرکردەکانی کۆمەلە بریاریان دا، قازی وەرنەگرن، ترسان لە دەسەلات و کەسایەتیە بەهیزەکەی، هەروەها بەهۆی ئەو جیاوازییەی لەگەلیاندا هەیبوو، لە مندالیەوە هەموو لە سەر ئەوە راهاتبوون کە ریزیکی زۆری خۆیو خیزانەکەی بگرن وە ئەمەش بی گومان لە پاشدا دەبیتە هۆی ئەوەی کۆمەلە بە تەواوی بکەویتە ژیر دەستیەوەو زال بیو ریبازە دیموکراتیەکی وون بکات. کاتیك لە ژیر داواکردنی زۆری

سۆڤیەت دا، کۆمەلە، قازی محمدی وەرگرت، ئەوە روو ی دا، کـە لێی دەترسـان پیـاویك بـە تەنـها حوکمی پارتیەك دەکات.

وەرگرتنــی قــازی محمــد دەرگــای بــۆ سۆڤیەتیەکان خستە سەر پشت کە کوردان بەرەو هێلی سیاسی سۆڤیەتی بەرن، لە هاوینی سالی ١٩٤٥ ەوە، ئەنجامــەکانی ئەمــە دەرکــەوت، شـەرئەنگێزی سـۆڤیەت لـە هـەموو ناوچەکەدا.

لە پیـش ئەمـەدا ئـامێری چوونـە ژوورەوەی سۆڤیەت بۆ ناو ئیران حیزبی تودە بوو، کە بریتی بوو لـە بەرەیـەکی میللـی بـۆ بالـە چەپرەوەکانی ئیران، لەگەل ئەوەی ئەم حیزبە، لـە ناوچـەکانی دیکەی ئیراندا سەرکەوتوبوو، بەلام نەیتوانی بوو لە کوردسـتاندا رەگ دابکوتیـت هـەرچۆنیك بیـت سـۆڤیەتیەکان پلانیکـی نـوێی یـان پیدەرکـرد، ئەویش پیکەوەلکاندنی باکوری رۆژئاوای ئـیران بوو بە یـەکیتی سۆڤیەتەوە، بەم پێیە، پارتیکی

نوی‌یان لـه ئازربایجـان دروسـت کـرد بـۆ ئـه‌وه‌ی شـوینی حـیزبی تـوده بگریتـه‌وه، پارتیـه‌ك کـه بتوانیت شۆرش بکات و بانگه‌شـه‌ی سـه‌ربه‌خۆیی ناوچه‌که بدات، و ته‌نانه‌ت داوای یه‌ککگرتن له‌گه‌ل یه‌کیتی سۆڤیه‌ت دا بکات بی ئه‌وه‌ی ئه‌مه ببیته هۆی نیگه‌ران کردنی حیزبی توده له ناوچه‌کانی دیکه‌ی ئیران.

به پـێی فه‌رمانـه‌کانی سـۆڤیه‌ت، حـیزبی تـوده خـۆی لـه ناوچه‌کـه‌دا هه‌لوه‌شـانده‌وه، و سه‌رله‌نوی پارتیه‌ك دروست کرا به‌ناوی (پـارتی دیموکراتـی ئازربایجـان)ه‌وه‌و ده‌سـت کـرا بـه به‌کارهینانی زمانی تورکی ئازه‌ری وه‌ك زمانیکی فه‌رمی (ره‌سمی) و داواکردنـی جیـا بوونـه‌وه لـه ئیران.

شـتیکی چـاوه‌روان نـه‌کراوه، کـه ئـه‌و کوردانه‌ی له ئازربایجانی خۆرئاوا داده‌نیشتن و له ناویشیاندا مهاباد، بچنه پارتیکه‌وه که تایبه‌ت بی به نه‌ته‌وه‌ی تورکی ئازه‌ری، له به‌ر ئه‌وه پیویست

وای کرد کە پارتیکی کوردی نوی دروست بکریت و پر بە پری پلانەکانی سۆڤیەت بوو.

لە ١٢ی ئەیلولی سالی ١٩٤٥ دا کابتن نەمازالیڤ *Namazaliev* فەرماندەی هیزی سۆڤیەتی لە میاندواو *Miandoab*، قازی محمد و سەیفی قازی و سەرۆکە دیارەکانی هۆزەکانی بانگ کرد بۆ قونسولیەتی سۆڤیەتی لە تەوریز، بە ناوی بانگهیشتنەوە بۆ بینینی قونسولی سۆڤیەتی، کاتیك گەیشتن، لەوی، بە کوردە سەرسورماوەکانیان ووت کە بەرەو ئیزگەی شەمەندەفەر برۆن و لەویوە بران بۆ باکۆ، سی رۆژ لە ڤیلایەکدا بوون، لە دەرەوەی شارەکە، لەوی کاتەکانیان، بە گەرانی کەم و سەیرکردنی ئۆپراو شانۆگەری یەوە بە سەر برد، لە چوارەم رۆژدا، بردنیان بۆ دیدەنی (باقرۆڤ) سەرۆکی کۆماری ئازربایجانی سۆڤیەتی. باقرۆڤ، بە داخەوە، باسی ئەو بارە ناهەموارەی بۆ کردن کە کورد لە ژیر کاری هەلەکانی رەزا شادا

نالاٌندویەتی، و پێی ووتن کە حکومەتی سۆڤیەتی یارمەتی پارتە دیموکراتە نوێیەکە دەدات کە لە بنەرەتدا بۆ ئەوە دروست کراوە، چەوساوەکان سەربەست بکات، و لە وتاریکدا هانی دان بۆ ئەوەی بچنە ناو ئەو پارتیەوە، و هەر لەو وتارەیدا هیرشی کردە سەر حیزبی تودە و بە کۆمەلیك لە ئاژاوە گیر و بێ کەلك ناوی بردن هەروەها هیرشی کردە سەر کۆمەلەو بەوە تاوانباری کردن کە ئەو کۆمەلەیە لە بنەرەتدا لە عیراقدا، لە ژیر چاودیری موخابەراتی بەریتانیدا دروست بووە و، و پیشی وتن کە کۆمەلە هیچ نیە، جگە لەوەی کە ئامیریکە بە دەست ئیمپریالیستی بەریتانیاوە، و لە دوایشدا پێیان ووترا، کە هیچ شتیك دەربارەی گەشتەکەیان باس نەکەن، و خستنیانە ناو شەمەندەفەرەوە بۆ تەوریز و لەویوە بە ئۆتۆمبیلەکانی سوپای سوور هەریەکەیان برایە مالەوە.

## پارتی دیموکراتی
## کوردستان

بەرئەنجامی دیدەنیەکە، بە زویی دەرکەوت، بە ماوەیەکی کەم، دوای گەرانەوە، قازی محمد، ناردی بە شوین هەموو پیاوماقولانی کوردا بۆ کۆبونەوەو بانگیشتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد، کە لە ناوەرۆکەکەیدا وا دەردەکەویت، ئامانجی دیموکراسی لە سەر مۆدیلی ئەمەریکی بیت.

زۆر بە پەرۆشەوە بەرەو پیری پارتەکە چوون، بەیاننامەیەك بە ئیمزای قازی محمد و (١٠٥) فەرماندەی دیکە دەرچوو، تیایدا هاتبوو

که (گەلی کورد حەز دەکات سوود لەو بارە دەولیە وەربگریت، کە لە ئەنجامی ئازاد بوونی جیهانەوە لە دەستی فاشیەت هاتوەتە کایەوە، بۆ ئەوەی بەشداری لە پەیماننامەی ئەتلەنتیك دا بکات)، هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتبوو کە کورد هیچی ناویت تەنها ئەو مافە بنەرەتیانەی مرۆڤ نەبیت کە رەزا شا پیان رەوا نابینیت و ئامانجەکانیشیان بەم شیوەیەی خوارەوە ریز کردبوو:

١-پیویستە گەلی کورد لە ئیراندا، لە بەریوەبردنی حوکم و کاروبارە کارگیریەکانی خۆیدا سەربەست بیت و لە چوارچیوەی دەولەتی ئیراندا ئۆتۆنۆمی هەبیت.

٢-پیویستە لە پەروەردەدا، زمانی کوردی بەکاربیت و ببیتە زمانی فەرمی (رسمی) لە بەریوەبردنی کاروبارەکاندا.

٣-هەلبژاردنی ئەنجومەنی هەریمی کوردستان بە زوویی، بە پیی یاسای بنەرەتی، و پیویستە

ئەو ئەنجومەنە سەرپەرشتی و چاودیری هەموو کاروبارەکانی دەولەت و بارە کۆمەلایەتیەکان بکات.

٤-هەموو فەرمانبەرانی دەولەتەکە، پیویستە خەلکی ناوچەکە خۆی بن.

٥-پیویستە یاسایەکی تایبەتی بۆ هەموو جوتیاران و ئاغاکان دابنریت، و دەستەبەری لە پاشەرۆژی هەردووکیان بکات.

٦-پارتی دیموکراتی کوردستان هەولیکی تایبەت دەدات بۆ دەستەبەرکردنی، یەکگرتن و برایەتی لەگەل ئازربایجانەکان هەموو ئەو کەسانەش کە لە ئازربایجان دەژین (ئاسوریەکان، ئەرمەنیەکان، هتد،...) و پشتگرتنی خەباتیان دەکات.

٧-پارتی دیموکراتی کوردستان، هەولیکی زۆر دەدات بۆ، چاککردنی باری ئابوری خەلکی کورد لە ریگای بەکارهینانی سەرچاوەی سامانە

سروشـــــتیەکان و پیشخســـــتنی کشـــــتوکال و بازرگـــانی و چـــاککردنو پـــەرەدان بـــە بـــاری تەندروستی و پەروەردە.

٨-حەز دەکەین، هاولاتی ئیرانی، بتوانیـت بـە سەربەستی خەباتی خۆیان، لە پیناوی کامەرانی و گەشە سەندنی ووڵاتەکەیاندا بکەن.

بەیاننامەکە بە شیوەی ریبازی سۆڤیەت بەم ووشانە کۆتای هاتبوو با بـژی خودموختـاری دیموکراتـی کـوردی (*LONG LIVE KURDISH DEMOCRATIC AUTONOMY*) دروست بوونی ئەم پارتـە بـووە هـۆی توانـەوەی کۆمەڵـەو چوونـی ئەندامەکانی بۆ ناو پارتەکە. لەبەرئەوەی سەرۆك هۆزەکـان سـلیان لـە کۆمۆنیسـتی دەکـردەوە، لـە سەرەتادا هەندیك سلەمینەوەیان دەربارەی پارتە نوییەکـــە نیشـــان دا، هەرچـــەندە پـــەیمانی پاراسـتنیان لـە ئەفسـەریکی سیاسـی سـۆڤیەتی وەرگرت کە لەو کاتەدا خەریکی گەشتیك بوو بە ناو هۆزەکاندا.

ئـــەم دووره پــــەريز وەســــتانەی ســــەرۆك هۆزەكـان، ئـەوەندەی نـەمابوو، كاربكاتـە سـەر شوينی قازی محمد، ئەوه نـەبيت. خـيرا هـەولی يارمـەتی بەهيزی لـە عيراقـەوه گەيشتێ، ئـەويش هاتنی مەلا مستەفای بارزانی و بەرزانيەكان بوو.

بەرزانيـەكان، هـەر لـە زەمـانی عوسمانيـەوه يەكيك بوون لە هۆزه هـەرەگير و نەبـەزەكان لـە نـاو هەموو هۆزەكانی ديكەی كوردا.

لـە سالی ١٩٢٠ دا شيخ ئەحمـەدی بـەرزانی (كــە لـــە لايــــەن بارزانيـــەكان و هۆزەكـــانی دراوســـيیانەوه گەياندبويانـــە پلـــەی يـــەزدان)، دەســتی كـرد بـە يــاخی بــوون و راپـــەرين بـــە بـەردەوامی دژی بـەريتانيا، وای لـە بـەريتانيا كـرد چەند جاريك هيزی ئاسمانی بەريتانی لە دژيـان بەكاربـهينيت، لـە ئـەنجامدا شيخ ئەحمـەد و بـرا گەنجەكـەی، مـەلا مسـتەفا، و هـەنديك لـە پيـاوه ناسراوەكانی هۆزی بارزان لە پيشدا دورخرانەوه

بۆ باشوری عیراق، و پاشتریش بۆ سلەیمانی. لە ١١ی حوزەیرانی سالی ١٩٤٢دا مەلا مستەفا کە سەرۆکایەتی لە براکەی وەرگرتبوو. بەرەو بارزان رای کرد.

چیرۆکی خەباتی مەلا مستەفای بارزانی، دژی حکومەتی عیراق، و چونیەتی شکاندنی سوپای عیراق، دووجار لە ١٩٤٥دا. و لە پاشدا، سەرکەوتنی وەزیری ناوخۆی عیراق، بە بەکارهینانی زیرەکانەی پارە، بۆ بەکارهینانی هۆزەکانی دیکەی کورد. دژی بارزانی و دەرکردنی لە بارزان، ئەمە چیرۆکیکە، ئیرە جیگای باسکردنی نیە، پیویستە بۆ دەرفەتیکی دیکە هەلیگرین، بەلام ئەوەی لیرەدا پیویستە بووتریت ئەوەیە کە مەلا مستەفا و شیخ ئەحمەدی برای و پینج هەزار چەکداری بارزانی و خیزانەکانیان لە ١١ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥دا، لە خالیکدا کە کەوتبوە باکوری شاری شنۆوە (*USHNUIEH*) خۆیان کرد بە ئیراندا، لە

ناویشیاندا ژمارەیەك فەرمانبەری بچوکی کوردی عـیراقی و مامۆستای فیرگـەی کـورد و کەسـانی راکـردوو لـە ریزەکـانی سـوپاو پۆلیـس. لـە ناویشیاندا (١٢) ئەفسـەری سـەربازی هـەبوو. کـە هـەندیکیان مەشق و خویندنی لەبەریتانیا تـەواو کردبـوو، و جیگایـەکی تایبەتیشـیان لـە سـتافی گشتی عیراقیدا پەیدا کردبوو.

بـە ماوەیـەکی کـەم، دوای گەیشـتنی مـەلا مستەفا بۆ ئیران، چاوی بە ژمارەیەك ئەفسـەری سۆڤیەتی کەوت لە ناویشیاندا فەرماندەی هیزی سـۆڤیەتی لـە ئازربایجـانی رۆژئـاوا بـوو. سۆڤیەتیەکان پییان ووت، کە پیویستە بچیتە ژیر رکیفـی قـازی محمـدەوە، هـەروەها سـۆڤیەتیەکان فەرمانیان بە کوردەکانی ناوچەکەدا کـە شـوینی حەوانـەوەو خـۆراك بـۆ بارزانیـە ئاوارەکـان دابـین بکەن.

لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەردا، هیزەکەی مەلا مسـتەفا، هـەموو پەنابـەران و سەرکیشـانی

لەخۆگرت و ژمارەیان گەیشتە نزیکەی (٣٠٠٠) پیاوی چەکدار.

کە چەکداربوون بەو چەکە ئینگلیزیانەی لە سوپای عیراقەوە دەستیان کەوتبو، لەناویشیاندا رەشاشی ئۆتۆماتیکی و تەنها یەك تۆپ هاویژ (مدفع)یش هەبوو.

## حکومەتی میللی کورد

لە نۆڤەمبەرو سەرەتای دیسەمبەردا، نۆکەرانی سۆڤیەت دەستیان کرد بە گەرانەوە بۆ ناو هۆزەکان و پێیان راگەیاندن کە خۆیان کۆبکەنەوەو بۆ خەبات و هەولدانی داهاتوو لە پیناوی سەربەخۆیی دا، هەروەها فەرمانیان بە

سەرکردەکانیان دا کە ئامادەی کۆبونەوەیەك بن لە مەهاباد.

هەموو ئەو کەسانە، هاوکاریان لەگەلدا کردن، جگە لە هۆزەکانی مامش و مەنگور و دیبوکری نەبیت. لەهەمان کاتدا کاروباری حکومەتی ئیران لە ناوچەکانی دیکەی ئازربایجاندا بە تەواوی بەرەو داروخان دەچوون چەکدارە دیموکراتەکان (کە زۆربەیان لە قەفقاس و ئازربایجانی سۆڤیەتەوە هاتبوون) دەستیان کرد بە هیرش کردنە سەر سەرباز و ژەندرمە ئیرانیەکان، کەوا بە هەزار فەلاکەت نەیان دەتوانی سەنگەرەکانیان بە جی بهیلن. ناوچەکە بە تەواوی لە شۆرش و راپەرین دا بوو، لە هەمان کاتدا، سوپای سوور ریگای لە کاروانی ئەو چەك و خۆراکانە دەگرت کە حکومەتی ناوەندی دەینارد بۆ باکور بە مەبەستی بەهیزکردنی سەربازگەکانی کە لە ژیر فشار دا بوو.

لـه ١٠ ی كـانونی دووه‌مـدا، دیموكراتـه‌كان هیرشیان كـرده سـه‌ر سـه‌ربازگه‌ی شـاری تـه‌وریزو وایـان لیكـردن كـه خـۆ بـه ده‌سـته‌وه‌بده‌ن، به‌مـه هـه‌موو ناوچـه‌كانی ئازربایجانی رۆژهـه‌لات كه‌وتـه ژیر ده‌ستی حكومه‌تی  ئازربایجانی تازه دروست بووه‌وه.

كـه‌وتنی تـه‌وریز، هـانده‌ریك بـوو بـۆ قـازی محمـد بـۆ ئـه‌وه‌ی بانگهیشـتی سـه‌ربه‌خۆیی ناوچه‌كـه رابگه‌یـه‌نیت له‌گـه‌ل ئـه‌وه‌ی بـه كـردار ده‌میك بوو ئه‌وه خۆی له خۆیدا به‌دیهاتبوو.

له ١٥ی كانونی دووه‌مدا و لـه ئاهـه‌نگیك دا كـه سـه‌رانی پـارتی دیموكراتـی كـورد و مـه‌لا مسته‌فای بارزانی و سی ئه‌فسـه‌ری سۆڤیه‌تی بـه ره‌شاشه‌وه له جیپیكدا بوون، ئاماده بوون، قازی محمد به ریزه‌وه به‌یانی دامـه‌زراندنی حكومـه‌تی میللـی كـوردی خوینـده‌وه‌و ئـالای كـوردی بـه‌رز كرده‌وه.

لە دواتردا، پەرلەمانی نەتەوەیی کورد لە ١٣ ئەندام پیک هات، و لە ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ دا قازی محمد هەلبژیررا بە سەرۆکی کۆمارە نوییەکە.

وەزیری جەنگ محمد حوسەین سەیفی قازی، کوری مامی خۆی بوو، بازرگان بوو، ئەو ناوبانگە زۆرەی لە سەربازی دا هەیبوو، بە هۆی ئەوە وە بوو کە پلەی کابتنی شەرەفی پی درابوو لە ژەندرمەی ئیرانیدا.

هەروەها هەریەك لە سەیفی قازی، مەلا مستەفای بارزانی، عومەر خانی شکاك، حەمە رەشید خانی بانەیی کە تازە لەگەل هۆزەکەیدا لە عیراقەوە گەرابوەوە، زیرۆ بەگی هەرکی[٣] پلەی (مارشالیان) پی درا.

بەرگی تەواوی سوپای سۆڤیەتیان وەرگرت لەگەل جزمەی دریژ و (نطاق) ی شان لەگەل تەپلەی حامیەی سۆڤیەتی کە بە هیلیکی سوور نیشان کرابوو[٤].

حکومەتە نوی‌یەکە، تەنها  رووبەریکی کەمی بە دەستەوە بوو، لە ناویدا شاری مهاباد، بۆکان، نەغەدە، شنۆ، نوینەری خۆی نارد بۆ کردنەوەی پەرلەمانی نەتەوەیی ئازربایجان، لە دوایدا ئەندامانی پەرلەمانە بچوکەکەی خۆشی کۆ کردەوە، هەروەها مەلا مستەفای نارد بۆ باشوور، بۆ ئەوەی شەر لەگەل سەربازگە ئیرانیەکان لە سەقز و بانەو سەردەشت دا بکاو لە یەکتری دایان بری‌و پەیوەندیشیان بە بنکە سەرەکیەکەیانەوە لە سنە بپچرینیت، لەمەشدا سوود لە باو بۆران و بەفری زستان وەربگریت.

## پەیوەندی لەگەڵ
## تەوریز و تاراندا

لەو کاتەدا، کۆنترۆڵ کردنی شاری رەزائیە لە باکور، لە لایەن دیموکراتیە ئازەریەکانەوە، کیشەیەکی زۆری بۆ حکومەتی کوردستان دروست کرد، لەگەل ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی ئەو دەشتاییانەی دەکەونە نزیک دەریاچەی ورمیەوە، لە رەزائیە، لە باکورەوە بۆ ماکۆ، هەمووی تورکی ئازەری بوون، لەگەل ئەوەشدا، ئەو هۆزانەی نیشتە جیی گردەکانی ناوچەکە بوونو زال بوون بە سەر ئەو دەشتاییانەداو بە دەست ئەوانەوە بوون، هەموو کورد بوون.

هـەرچی (میـانداو ئـاب)یشـە کـە کەوتۆتـە باشـووری خۆرهـەڵاتی دەریاچەکـەوە، ئـەوا دانیشـتوانیکی تیکـەلی هـەبوو، ئـەم ناوچانـە، بوونە شوینی کیشە لە نیوان هەردوو حکومەتی تـەوریز و مـهاباددا لەسـەر ئـەوەی هـی کامیانـە. بەردەوام سەرچاوەی گرفت بوو.

عومـەرخان و ئـەو هـۆزە کوردانـەی کـە لـەوناوەدا بـوون گوییـان نـە دەدایـە دیموکراتـە ئازەریـەکان وە زۆر جار هیرشیان دەکردە سـەر ئەو گوندو لادییانەی کەوا دەردەکەوت سەر بە تـەوریز بـن. لـە هـەولیکدا بـۆ چارەسـەری ئـەو کیشانەی لە نیوان کورد و ئازەریەکاندا مابووەوە، سۆڤیەت قازی محمدی لە نیسانی ١٩٤٦ دا بانگ کرد بۆ تـەوریز. پیویست بوو، هەردوو دەولەتـە گەمە پیکراوەکە، لە بەرەیەکی یـەکگرتودا، یـەك بگرن. چونکە لە هەمان کاتدا، ئەوەندەی نەمابوو دانوسـان لـە نیـوان حکومـەتی ئـیران و دیموکراتـەکاندا دەسـت پیبکـات بـە مەبەسـتی

دۆزینەوەی ریگە چارەیەکی هەمیشەیی بۆ بارودۆخی ناوچەکە.

ئەنجامەکانی دوای وتویژەکەی نیوان پیشەوەری سەرکردەی ئازەربایجانەکان و قازی محمد و سۆڤیەت، پەیمانیك بوو لە ٢٣ی نیسانی ١٩٤٦ لە لایەن نوینەری کورد و ئازەربایجانەکانەوە ئیمزا کرا.

بلاوکردنەوەی ئەم پەیمانە، ترس و نیگەرانی خستە دلی تارانەوە، بۆ ئەو بەندانەی لە پەیمانەکەدا هەبوو، لە راستیشدا ئەو پەیمانە بە ئاشکرا دەری خست کە هەردوو رژیمە دیموکراسیەکە، خۆیان بە دوو دەولەتی سەربەخۆ دانابوو، و مافی ئەوەیان دابوو بە خۆیان کە ئالوگۆری نوینەری یەکتری بکەن و پەیمانەکان مۆر بکەن، ناوەرۆکی پەیمانەکە بەم شیوەیەی خوارەوە بوو.

١–ئەم دوو حكومەتە هاوپەیمانە هەركاتیك بە پیویست زانرا، دەتوانن نوینەر لە نیو خۆیاندا ئالوگۆرابكەن.

٢–لەو ناوچە ئازربایجانانەی كە كورد كەمینەیە تیایدا پیویستە كوردەكان وەك فەرمانبەری حكومەت تیایدا دامەزرین و لەو ناوچانەی كوردستانیش كە ئازەربایجانەكان كەمینەن تیایدا پیویستە ئازەریەكان بە فەرمانبەری حكومەت دامەزرین.

٣–پیویستە، كۆمیتەیەكی ئابووری هاوبەش، بۆ نەهیشتنی كیشە ئابوریەكانی هەردوو دەولەتە هاوپەیمانەكە دروست بیت، و ئەندامانی كۆمیتە هاوبەشەكە لە لایەن هەردوو سەرۆكی حكومەتەوە دابنریت.

٤–هەر كاتیك پیویست بوو، هیزە سوپاییەكانی هەردوولا یارمەتی ئەوی دیكە دەدات.

٥-هەر دانو سانێك كە لەگەڵ حكومەتی تاران دا رووبدات لەسەر بنچینەی هاوبەشی هەردوو حكومەتی كوردستان و ئازەربایجان بێت.

٦-حكومەتەكەی ئازەربایجان، هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ بەكارهێنانی زمانی كوردی لە ناو ئەو كوردانەدا كە لە ئازەربایجاندا دەژین، و هەولیش دەدات، كەلتوری كوردی پێش بخات. دەبێت حكومەتی نیشتمانی كوردستانیش هەمان هەنگاو بنێت بۆ ئەو ئازەربایجانیانەی لە كوردستاندا نیشتەجێن.

٧-هەردوو دەولەتە هاوپەیمانەكە، هەموو هەنگاوێك دەنێن بۆ سزا دانی ئەو كەس و كۆمەڵانەی كە هەولی تێكدانی پەیوەندی یە دیموكراتی و دۆستانەو برایانە مێژوویەكەی نیوان ئازەربایجان و كورد دەدەن(٥).

لە پاشتردا دیموكراتە ئازەربایجانەكان دەستیان كرد بە دانوسانی سەقامگیری، لەگەل

سەرۆك وەزیرانی ئیران ئەحمەد قەوام لەتاران، و بە پێی ئەم دانوسانە هەموو ناوچەكانی ئازەربایجان و لە ناویشیدا ناوچە كوردی یەكە، بە ناو بەشیك دەبن لە ئیران و لە هەمان كاتدا سەركردەكانی دیموكراتەكان هەموو ئەو وەزیفانەیان پێی دران كە خۆیان لە حكومەتە دیموكراتیەكەیاندا هەیان بوو، كوردەكان، لە بەشیك لەم دانوسانانەدا بە سەركردایەتی سەدری قازی، برای قازی محمدو ئەندامی پیشووی پەرلەمانی ئیرانی بەشدار بوو، بەلام ئەم ریكەوتنامانەیان پی ناخۆش بوون هەستیان كرد بە تەواوەتی ئاواتەكانیان پشت گوی خراوە.

لە كاتیكدا دیموكراتە ئازەربایجانیەكان هەموو رەوایەتیەكی ئەو وەزیفانەیان وەرگرتەوە كە لەوەو پیش هەیان بوو، بەلام حكومەتی قازی محمد هیچ بنكەیەكی یاسایی نەما، كوردەكان لە كەمایەتیەكی ناو دەولەتی ئیرانەوە بوونە كەمایەتیەكی توركی ئازەربایجانی.

له کۆتاییدا قازی محمد خۆی چوو بۆ تاران، بۆ ئەوەی سەرۆك وەزیر قەوام تی بگەیەنیت لەوەی کە لەو ریکەوتنە رازی نییە. داوای کرد بکریتە پاریزگاری ئەو هەریمە تازەیەی کە بریتی دەبیت لەو ناوچە کوردیانەی ناو ئازەربایجان و ناوچە کوردیەکانی دیکە کە تا ئەو کاتەش لە ژیر دەسەلاتی حکومەتی ئیرانی دا بوون. ئەو ناوچەیەی کە لە سنوری روسیاوە دەست پیدەکات تا دەگاتە خالیکی ناوەراستی ریگای نیوان کرماشان و سنە(٦) پیویستە ئەم هەریمە نوییەش ئۆتۆنۆمیەکی خۆی هەبیت، دەبیت هەموو موچە خۆران و سەربازگەکانی لەشکر بە تەواوی خەلکی ناوچەکە بن.

سەرەك وەزیری فیلباز پیشنیازەکانی قازی محمدی قبول کرد، بە مەرجیك قازی محمد رەزامەندی دکتۆر چاڤید، پاریزگاری ئازەربایجانی دیموکراتی وەربگریت. دکتۆر چاڤیدیش، زۆر بە توندی دژی ئەم پلانە بووە وە،

بەمەش سەرلەنوێ ناخۆشی و گرژی کەوتەوە نیوان کورد و دیموکراتە ئازەربایجانیەکان.

لەگەل ئەوەی لە کاتی دانوسانەکاندا ئاگر بەست لە نیوان حکومەتی ناوەند لە لایەکەوەو کوردەکان و ئازەربایجانەکانیش لە لایەکی دیکەوە پیك هات، کەچی نیشانە لەیەککگرتنەوە و پیکادان بەردەوام بوو، هەندیك جار دەکەوتە رادەی شەریکی کراوەوە.

دوای ئەوەی ئیرانیەکان بیستیان کە سۆڤیەتیەکان دەیانەویت لە سەرەتای مانگی مایسدا[٧] دەست لە ئیران هەلگرن و بە جێی بهیلن، دەستیان کرد بە چالاکیەکی سەربازی توند و تیژ، بەرپرسیتی بەرەی کوردیان دایە دەست فەیلەقی چوار، لە ژیر سەرکردەی بە توانا، جەنەرال همایۆنی کە تازە لە خۆزستان هاتبوەوە لەوی کرداری چەکدانی بە هۆزە عەرەبەکان ئەنجام دابوو.

لـه ناوەراسـتی نیسـاندا، ژەنـەرال همـایۆنی ریگاکـانی کـردەوەو بـە خـیرایی سـەربازگەکانی سـەقز و بانـەو سەردەشـتی ژیانـەوەو بـەهیزی کردنەوە، دەلین، گوایە، سۆڤیەتیەکان پەیمانیان بـە کـورد دابـوو کـە فرۆکـەو تـانك و و چـەکی قورسیان بۆ بنیرن، هەروەها پەنجا لاوی کوردیان بردبـوو بـۆ بـاکۆ بـۆ ئـەوەی مەشـقی سـەربازی رامیاریان پیبکەن. بەلام ئیستا، پیویسـتە قـازی محمـد پشـت بـە هـۆزە کوردەکـان ببەسـتیت بـۆ ئەوەی بەرەنگاری ئیرانیـەکان ببیتـەوە. لـە سـەر چیاکانەوە، هیزی کوردی لی بوو، کە دەیانروانی بەسـەر هیزەکـەی ژەنـەرال همـایۆنی دا، بـەهیزیش بوون، بەلام پـەرت و بلاو بـوون وە لـە بنـەرەتدا لـە بارزانیـەکان و هـەندیك هـۆزی گچکـەی دی پیـك هـاتبوون کـە هەمیشـە ئامـادەی شـەر و تـالانی بـوون و هـەروەها حەمـە رەشـید خـان و پیاوەکـانی[8]. کـاتیك جەنـەرال همـایۆنی، سوپایەکی زۆرتری لە ناوچەکەدا هەلرشت، قازی

محمد و سۆڤیەت شاریان خستە دەست عومەر خان سەرۆکی شکاك و هاوپەیمانەکەیان هەرکیەکان، بۆ ئەوەی لە باکورەوە دابەزنە خوارەوە یارمەتی کارە سەربازیەکان بدەن، لە سەرەتادا عومەر خان پۆزشتی ئەوەی هینایەوە کە ئەسپەکانی لە لەوەرگایەکی ناوچەیەکی دیکەدان‌و ئیستا ناتوانیت بجولین، بەلام لە سەرەتای مایسدا ناچار بوو پیاوەکانی بنیریتە ناوچەی شەرەوە.

لە مانگی مایسی ١٩٤٦ دا گەلیك پیکدادان‌و بەرکەوتن روویداو ژمارەیەکی کەم لە هیزەکان بەشدار بوون‌و هیچ یەکیك لەو پیکادانەش نەبوونە هۆی شەریکی گەورە و فراوان، لە سەرەتای مانگدا، کوردەکان سەرکەوتن و توانیان شکۆو دەسەلاتی ئیرانی بشکینن.

کاتیك، لە نزیك سەقزدا، کاروانیکی سەربازی بە ریگاکەدا دەرۆی، بیست سەربازیان لی کوشتن. و سی دیکەشیان لی بە دیل گرتن، دوو

رەشاش و ٤٠٠٠ فیشەکیان دەست کەوت، دیلە کوردەکانیان خستە لەشکری خۆیانەوە ئەوانی دیکەشیان رەوانەی تەوریز کرد.

کاتیك کوردەکان، هیرشیان کردە سەر محمود ئاباد کە کەوتۆتە نزیك سەقزەوە، بۆ ئەوەی ریگای نیوان سەقز و سنە ببرن، بۆ دواوە راوە دوو نرانەوە، هەروەها ئەو کاتەش کە هیرشیان کردە سەر ئەو چیایانەی بەسەر سەقزدا دەروانیت، ئەوا لەشکری ئیرانی دووریان خستەوە، و بورجی چاودیریان لە قور لە سەر لوتکەی شاخەکان دروست کرد و هەریەکەیان (٢٠-٤٠) سەربازیان تیا دانان.

لە کۆتایی دا، ئاگر بەستیك لە نیوان هەردوولادا ئیمزا کراو توانرا ئەفسەری پەیوەندی هەردوولا، ئالۆگۆر بکەن[٩]. بریاردرا هیزی هەردوولا لە شوینی خۆیان و لە سەر هەمان هیل بمیننەوەو بە پیی ریکەوتنەکەش، کوردەکان بۆیان هەبیت ئەو ئۆتۆمبیلانەی لە نیوان سەقز و

بانەو سەردەشتدا هاتو چۆ دەکەن، بیان بپشکنن، قەدەغەی گەیشتنی چەك و زەخیرەش بکەن کە بۆ سەربازگە ئیرانیەکانی ئەوی بیت.     هەرکی و شکاکیەکانیش گەرانەوە باکور.

## تایبەتمەندیەکانی قازی محمد
## و کۆمارە کوردییەکە

دوای ماوەیـــەك پیکـــدادان، قـــازی محمـــد بریـاریدا، پـەردەی ئاسـنینەکە لـە سـەر خـۆی لا بدات، دەرفـەتی رەخسـان بـۆ چـاودیرانی دیکـەی جگــە لــە ســۆڤیەتیەکان بــۆ ئــەوەی ســەیری وولاتەکەی بکەن. بەلام دەرفەتی بە بەریتانیـەکان نـەدا، سـەیری وولاتەکـە بکـەن، چونکـە هەسـتی خەلك بەرامبەریان خراپ بوو، بە هۆی دەرکەوتنی بارزانیـــەکان لـــە عـــیراقدا و بلاوکردنـــەوەی پروپاگــەندەی زۆری ســۆڤیەت دژی بــەریتانیا، رووداوەکانی لەوەپیشیش کە کوردەکان هەستیان دەکرد خۆیان قوربانی هەلپەرستی بـەریتانیایی بوون.

و لـە چەند ریکەوتنیکدا، چـوار ئەمـەریکیو ئەفسەریك دەبوونە میوانی قازی محمد، رای ئـەو

چاودیرانـە ئـەوە بـوو کـە چارەنووسـی کۆمـارە کوردی‌یەکە هەر رووخانە.

لەگـەل ئـەوەی ئـەم کۆمـارە هیـچ بنەمایـەکی یاسـایی نـەبوو، بـەلاّم کۆمـارە دیفاکتۆکـە (*Defacto*)ی قازی محمد هەر بەردەوام بوو، تەنها گـۆران ئـەوە بـوو، کـە نـاوی وەزیرەکـان کرابـووە (رەئیـس)، سـەرۆك، قـازی محمـد خۆشـی بووە پیشەوای حزبی دیموکراتی کورد.

لادیکـانیش لەلایـەن خـاوەن زەوی و دەرەبەگەکانی پیشووەوە بە یارمەتی بەریوەبەریتی ژەندرمەی خۆیەتیەوە، دەبرا بە ریوە، کە بـەرگی کوردیـان لـە بـەردا بـوو، و لـە ژیـر فـەرماندەی ئەفسـەرانی مـەهاباد دا بـوون، ئـەوانیش لەسـەر شیوەی سۆڤیەتی ریك خرابوون.

مەهاباد، خۆشی لە شارۆچکەیەکی ناخۆشی ئیرانیـەوە، بوبوە شـاریکی رەنگـاورەنگ شـایانی وینە گرتن بوو، شەقامەکانی پر بوو لـە خـەلك کە

به جلی نەتەوەیی کوردی یەوە ئازاد بوون، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بیت. لە ژێر دەستی ژەندرمەو سەربازە ئیرانی یە حەز لی نەکراوەکان رزگاریان بوبو.

ئەو کەسانەی بەختیان هەبوو، دیدەنی قازی محمدیان کردبوو، سەریان لە کەسایەتیەکەی سوور مابوو، و بە ئاسانی لەو راستی‌یە گەیشتبوون کە بۆچی ئەم پیاوە لە هەموو شوینیك بوبوە سمبولی نەتەوەی کورد.

پیاویکی بالاّ کورت، لە سەرەتای تەمەنی پەنجا سالی دا بوو، پالتۆیەکی سەربازی کۆنی لە بەردا، و ریشیکی تەنك و دەموچاویکی زاهدی مەیلەو زەردباو بە هۆی نەخۆشیەکی گەدەیی یەوە، جگەرە ناکیشیت، دەنگی ئاوازیکی هیمنی تیدایە، دەنگیکی خۆشی هەبوو، کە هەموو ووشەیەك پیش دەربرینی دانی پیا دەنرا، جولاّنەوە و بزاوتی لە کاتی گفتوگۆدا زۆر بە تەواوی نیشانەی لە خۆ دلنیا بوون و وقاری

دەنواند، جوان پەرست و هەموو گەلانی دنیای خۆش دەویست، گەلیك زمانی دەزانی لە ناویاندا رووسی، و هەندیك ئینگلیزی و و ئیسپیرانتۆ *Espiranto.* بە ئاسایی دەزانی لە سەر میزەکەی کتیبی ریزمانی زمانەکان وچیرۆك و کارە ئەدەبیەکانی بە زمانە بیگانەکان لەسەربوو.... وادەردەکەویت وەك پیاویك بیت بروایەکی پتەوی هەبیت و ئازایەتیەکی دەگمەن و گیانی لە خۆ بوردن و قوربانیدانی تیدابیت.

بەلام ئەو گیانە دەولەمەند کرابیت بە ئەقلیکی فراوان و هاوچەرخەوە. لە کاتی بوونی کیشەیەك دا، بە لای کەمەوە داواکانی هاوچەرخ بوون. خودموختاری (ئۆتۆنۆمی) بۆ کورد، لە چوارچیوەی دەولەتی ئیراندا. هەروەها ئەویش وەکو زۆر کوردی دیکە، هەر ئەو بیرەی هەبوو کە مادام ئەمانیش، سەر بە هەمان خیزانی ئیرانین وەکو فارسەکان، کەواتە هیچ جۆرە ریگریك نیە لە دروست کردنی یەکیتی تەواو لە نیوان کورد و

فارسدا، هەروەك لە كۆندا، میدیەكان و فارسەكان كردبوویان. قازی خۆشی لەو بروایەدا بوو، كە كورد لە نەوەی میدیایە. هەر لە بەر ئەوەش بوو حەزی دەكرد ئیتمۆلۆژی (میدئاباد) یان (میدئاوا) بە شاری مهاباد ببەخشیت.

شتیكی زۆر ئاشكراو نەشاراوەیە، كە خۆی و پالپشتەكانی هەولیان بۆ بەدی هینانی خەونی دوا رۆژی هەموو كورد دەدا (پان كوردیزم *Pan Kurdism*)، ئاواتیان بوو، كە مهاباد ببیتە سەنتەری رۆشنبیری كوردیو بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد بە شیوەیەك كە جیگەی سەنتەرەكانی سوریاو سلیمانی ئەو كاتە بگریتەوە. هەولی بیشومار دەدرا بۆ ئەوەی پەروەردەو فیركردنی كوردی لە سەر بناغەیەكی پتەو داریژریت. لە سەرەتادا مامۆستا كوردەكان، تیكستە فارسیەكانیان تەنها زارەكی لە پۆلەكانی خویندندا دەكرد بە كوردی بەلام پیش كەوتنی دەولەتە كوردی‌یەكە بە ماوەیەكی كەم،

کتێبەکانی قوتابخانەی قۆناغی سەرەتایی چاپ کرا.

جگە لە رۆژنامەیەکی رۆژانەو گۆڤاریکی مانگانەی رامیاری، هەردووکیشیان ناویان (کوردستان) بوو، دووبارە، دوو گۆڤاری ئەدەبیش هەبوون بە ناوی (هاوار) و (هەلاڵە) (١٠) ئەم چاپکراوانە لە چاپخانەیەکەوە دەردەچوون کە سوپای سوور پیشکەشی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردبوو.

بایەخ و گرنگ پیدانی قازی محمد بە ئەدەب و زمانی کوردی، رەنگە بە هۆی بوونی دوو شاعیری لاوەوە بوبی کە لە نووسینگەی دیوانی سەرۆکایەتی دا کاریان دەکرد، ئەوانیش (هەژار) و (هیمن) بوون، لەگەل نەبوونی و کەمی کاغەزیشدا، شیعرەکانیان چاپ دەکرا.

هەر چەندە، ئەم جۆرە هەولانە، ئەوەندە نەبوون کە کاتی تەمەنە کورتەکەی گۆڤارەکە بتوانیت بیگەیەنیتە رادەی ئەو دوو سەنتەرە

رەسەنەی دیکە ی کەلتوری کوردی، کە زمانی کوردی بیست و پینج سالیك دەبوو تیایاندا بە ئازادی دەنوسران و دەخوینرایەوە. بەلام هەر چۆنیك بیت لە بارەی سیاسی یەوە، مەهاباد بوبوە خالیکی تیشکۆ *Focal point* کە هەموو کوردان چاویان تی بریبوو.

بازنە ئەقلانیە کوردیەکانی بەیروت، ئەستەمبول و بەغدا، هەروەها لە ناو شاخە سەرکەشەکانی خۆرئاوای ئاسیادا، ئەمانە هەموو بە یەك جار دەکەویت روانیە ئەو کۆمارە، بزانن قازی محمد، سەر دەکەویت، یان ژیر.

چەندەها لە جاسوسەکانی قازی محمد، هەوال و پەیوەندیان لە کۆمەلە کوردە دامەزراوەکانەوە بۆ دەهینا، نەك تەنها لە عیراق بەلکو لە سوریاو لە تورکیاش. بزوتنەوەکەی زۆر جیگای رەزامەندی بوو بە تایبەتی بۆ لاوەکان، کەوا هەستیان دەکرد، پارتیە کۆنەکان شتیکی ئەوتۆیان بە دەست نەهیناوە، لەو کاتەدا، لە

عـيراقدا، پـارتيكى نــهينى چــەپرەوى نــوى لــەم دەسته لاوانـه بـه نـاوى (رزگـارى) يـەوە دروسـت بوبو.

## هەستی دژایەتی کردنی سۆڤیەت

پارتە نەتەوەیی یە کۆنەکانی (هیوا) لە عیراق و (خۆیبون) لە سوریا، زۆر بە پەرۆش نەبوون بۆ قازی محمد بە هۆی ئەو پەیوەندی یەی لەگەل سۆڤیەتیەکاندا هەیبوە، لە بەر زۆر هۆ، ترس و بگرە رق لیهاتن لە سۆڤیەت لە ناو کوردانـدا زۆر بە توندی بلاو ببوەوە لە پلەی یەکەمدا، زوربەی کوردان، ئاینین، و گومانیان لە نیاز باشی سۆڤیەت بۆ ئاین هەبوو. و زۆر لە کوردان ئاوارەییان دیبوو، کە لە یەکیتی سۆڤیەتەوە رایان کردبوو، یان کوردەکان قسەیان لەگەل ئەو مسولمانانە کردبو کە لە ناو سوپای سوور و سۆڤیەتیدا بوون، کەمیکیان، وینەیەکی خراپیان دابوونێ دەربارەی بەشی زۆری خەلکی

ناوچە خۆرهەڵاتیەکانی ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت، هەروەها پیویستە لە یادمان بیت، کەهەمیشە رووسەکان دوژمنیکی تەقلیدی کوردان بوون لە سەردەمی قەیسەرەکانەوە.

لە شەری یەکەمدا، هیزە روسەکان لە سەر رووبەریکی فراوانی کوردستان شەریان کردو لە دوای خۆیانەوە کاولیان کرد، و ویران کردن و روخان زیاتریان بە جی نەهیشت، پاشماوەکانی لە زۆربەی گوندو دەشتاییە کوردەکاندا دیارە.

لە شاری مهاباد خۆیدا، هیزی سۆڤیەتی بۆ چەند رۆژیك فەرمانی دابوو بە تەقە لی کردنی هەر کەسیك لە شەقامەکاندا دەردەکەویت و شارەکەش بەر تالانی و سوتان کەوتبو، ئەم وینانە، هەرگیز لە میشکی خۆرهەڵاتیەکی کوردا دەرناچیت.

کە تا ئیستاش مندالەکانیان بە ووشەی (رووسی) دەترسینن، کاتیك دەیانەویت لە گریان بیان وەستیننەوە.

سۆڤیەتیەکان بە پەرۆشەوە، ویستیان ئەم هەستە خراپەی کورد بەرامبەریان بگۆرن، و بیسرنەوە، دەستیان کرد بە قسەکردن دەربارەی (ئۆتۆنۆمی کورد) لە یەکیتی سۆڤیەت و پالەوانیەتی (سەمەندسیامندۆڤ) کە کۆلۆنۆلیکی کورد نەژاد بوو لە سووپای سووردا و ناسرابوو بە پالەوانی لینینگراد. گرانە بزانریت سۆڤیەت تا چ رادەیەك توانی ئەم ئامانجە بهینیتە دی، بەلام گومان لەوەدا نی‌یە کە ژمارەیەکی زۆری خەلك لە ناویاندا، خاوەن زەویەکان و بازرگان و سەرانی ئاینی، بەردەوام بوون لە بی بروابیاندا، تەنانەت گەیشتە قازی محمد خۆشی، کە پەیوەندی بە سۆڤیەتەوە ئەوەندە زۆر بوو ناتوانریت نکولی لی بکریت.

دیوارەکانی ئەو بینایەی کە فەرمانرەوای حکومەتەکەی تیادا دەکرد بە پۆستەری پروپاگەندەی سۆڤیەتی رازابووەوە، گۆڤار و رۆژنامەکان پر بوون لەو مادە سۆڤیەتانەی کە

ووشــه بــه ووشــه دەگۆرانــه ســەر كــوردی، و شـاعیرەكانیش كەوتبونـه پیـا هــەلدان و وەســف كردنی ستالین و سوپای سوور.

لەگـەل ئەمەشـدا، بە پیچەوانـەی ناوچــەكانی دی ئازربایجانـەوە كوردسـتان بــه كـری گـیراوانی روسـی تیـدا نـەبوو، جگـە لـە چـەند شـۆفیریكی ئــــیرانی كامیونــــه روســــەكان، ئەمانــــه وەك بەكریگیراوی فەرمانرەوایـەتی سـۆڤیەت، یـان وەك باوەر پی كراوی بوون. بوونی هاوولاتی سۆڤیەتی لە ناویاندا، نە دەبینرا نۆكەرەكانی سۆڤیەتیش بە پەنهانی كاریان دەكرد و دەردەكەوتن. نوینەریكی سۆڤیەتی لە مهاباد دادەنیشت بەلام دەسەلاتدارە كوردیەكان ئەمە بە درۆ دەخەنەوە[11]. هەریـەك لـە هــاشمۆڤ، قونســولی ســۆڤیەتی لــه رەزائیــه یاریدەدەرەكـەی علـی ئەكبـەرۆڤ (*Ali Akbarov*) لـە بۆنـەكاندا دەردەكـەوتن و دیدەنـی مــهابادیان دەكــرد، لەگــەل ئــەوەی تــیرۆر لــە ئازربایجــانی خۆرهــەلاتدا بـلاو بـوەوەو، بـەلام لـە كوردســتاندا

ژمارەیەکی کەم گیراوی سیاسی هەبوو، تەنها روداویکیش یان دوان تۆمار دەکرا، کە گومانی کوشتنی سیاسیان لێ بکریت. هەندیك کوردی نەیاریش رایان کردبوو، مرۆڤ لە شەقامەکانی مهابادا بە ئاسانی گوێی لە ئیستگەی رادیۆکانی ئەنقەرەو لەندەن دەبوو، لە کاتیکدا لە تەوریز گوی گرتن لەو ئیستگانە سزاکەی مردن بوو. هەر چۆنیك بیت، هۆی ئەم ئازادییە لە بیروڕای قازی محمد و ئەندامانی وەزارەتە هاوچەرخە لیبرالی یەکەوە هەلقولابیت یان بە هۆی بوونی سەرانی هۆزەکانەوە بیت کە ریگایان نەدەدا کە تیرۆر لە ریزی هۆزەکانیاندا بەرامبەر بە خەلکی رووبدات. بەرئەنجامی ئەمەش ئەوە بوو کە رژیمەکە جۆرە میلیەتیکی لە ناو خەلکی مەهابادا پەیدا کردبوو، چونکە بەوە بەختیار بوون کەلە دەست دریژی و چەوساندنەوە رزگاری کردبوون کە لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە بە سەریاندا سەپینرا بوو.

## دژە وەستانی هۆزەکان

ئەگەر سۆڤیەتیەکان ویستبیتیان، بۆ گۆرینی بیری هۆزەکان بەرانبەر بە رژیمە کوردیەکە، لە دەست خستنە ناو کاروباری کۆماری مهاباد کەم بکەنەوە، لەو مەبەستەدا هیچ سەرکەوتوو نەبوون. سەرەرای هۆی میژوویی کۆمەلایەتی و ئاینی بۆ دژە وەستانی هۆزەکان بەرامبەر حکومەتە پشت ئەستورەکە بە سۆڤیەت، بەلام هۆیەکی گرنگی دیکە هەبوو، ئەویش هۆی ئابووری بوو کە بە شیوەیەکی سەرەکی پیاوانی هۆزە کوردەکان پشتیان بە بەرهەمی توتن بەستبو

بۆ ئـەوەی پـی‌ی بژیـن، بـەڵام ئیسـتا کـە بـازاری توتنیان لە خۆرهەڵاتی ئیراندا لی دابراوە، ئەوا لـە بێ دەرامـەتیدا دەیـان ناڵاند، لـە هـەندیك شـوینی دیـاری کراویشـدا ئـەو خواردەمەنیانــەی کـە لــە وەختـی خۆیـدا هـەڵگیرابوو دەبوایـە بـە هاوبەشـی لەگـەل بەرزانیـەکاندا بخورایـەو ئـەمانیش دەمیـك بوو لە میوانداریان بیزار بوون.

لە باشووردا ئەم دژە هۆزایەتیە لە ئەوپـەریدا بوو، کاتیك کوری خوا لی خۆش بوو قەرەنی ئاغا، سەرۆکی هۆزی مامش و بایەزید ئاغای مـەنگوری هاوپەیمانی بە ئاشکرا دژی قازی محمد وەستان بە شیوەیەك کە یاریدەدەری قونسولی سۆڤیەت لە رەزائیە ناچار بوو رەزائیە بـە جـی بیلیـت و بچیـت بـۆ لایــان و هەرەشــەی ئــەوەیان لی بکــات کــە بەرزانیـەکانیان بـۆ دەنـیریت بـۆ ئـەوەی شـەریان لەگەلدا بکەن.

بــــەڵام کـــــاتیك ســــووربوون لەســـــەر هەلویستەکەیان، بارزانی‌یـەکان هیرشـیان کردنـە

سـەرو وایـان لێکـردن لەگـەڵ هـەندیك پیـاوانی هۆزەکـەدا بـەرەو عـیراق رابکـات. لەسـەروی رەزائیشەوە ، هۆزەکان چوونە ژێر سەرکردایەتی عومـەرخانی شـکاکەوە، کـە تـازە دەسـتی خـۆی کیشـابووەوە لـە وەزیـری جـەنگی حکومەتەکـەی قـازی محمـد، ئـەو کاتـە بەتـەنیا لـە هاوینـە هەوارەکەی نزیك زیدەشت لە باشوری خۆرئاوای شاهپور دەژیا بەڵام ئەو هۆزانەی کە قازی محمد دەیتوانی پشـتیان پێببەسـتیت، هـۆزی گـەوریك *GAWRIK* بوو لە مەهاباد. کە ژمارەی پیاوە شەر کەرەکانی لە هەزار کەمتربوو، بەشیك لە هۆزیکی بچووك کە ناوی زیرزا (*Zerza*) بوو لـە ناوچـەی شـنۆی. تەنانـەت مـەلا مسـتەفای بـارزانی و بەرزانیەکانیش وەك جاران لەگەلی نەبوون. لە بەر ئەوەی نەیدەتوانی خۆراکیان دابین بکات.

بۆیـە قازی محەمەد بەرانبـەر بـە زیـادبوونی هەلویستی شەرانگیزانەی حکومـەتی تـاران خـۆی بە بێ پشت و پەنا بینیوە.

لەگەل ئەوەی سۆڤیەت پەیمانیان پیدابوو کە هەموو یارمـەتی بـدەن و پیداویسـتیەکانی دابـین بکەن بەلاّم لـە راستی دا تا ساتی کەوتنیشـی لـە سـالی ١٩٤٦ دا هیـچ چـەکیکی قـورس و هیـچ پیاویکی مەشق پیکراوی نەبوو، بەلکو لە راستی دا هیچ لەشکریکی چالاکیشی نەبوو.

کاتیکیش خۆ ئامادەکردنـەکانی ئـیرانی بـە تـەواوەتی بـۆ ئاشـکرا بـوو. تـەنیا هـیزیك کـە مابووی، هۆزەکان بوو، لە بەر ئەوە قازی کۆمەلە نامەیەکی پـر لـە هـاواری مەترسـی بـۆ هۆزەکـان نارد، پـی‌ی وتـن کـە سـۆڤیەتیەکان پـەیمانیان بـە کـوردان داوە بـۆ هـەموو یارمەتیـەك، و داوای لی کردن هۆزەکان بینە پیشەوە بۆ شەر کردن لەگەل سـوپای ئـیرای بـەلاّم هۆزەکـان داواکـەیان رەتکردەوە.

دەست بە سەراگرتنەوەی

دەسەڵاتی ئیرانی

لـەم کاتـەدا، ڕووداوەکـان زۆر بـە خـێرایی تێپـەر دەبـوون، حکومـەتی تـاران داوای لـە دیموکراتـەکان کـرد دەسـت لـە ناوچـەی زینجـان *(ZenJan)* هەلبگرن، کە بەشێك نییە لە هـەریمی ئازربایجان. کاتێك کە ئێرانیەکان زانیان کە دەبێت بـەزۆر بیسـەننەوە دیموکراتـەکان ڕازی بـوون کـە ناوچەکە چۆل بکەن، لە دوای تشرینی دووەمەوە بـە تـەواوەتی لـە ژێـر دەسـتی سـوپای ئێرانی دا بوون.

کەمێك لـە دوای نیوە شـەوی ١٠ ی کـانونی یەکەم ئێرانیەکان هـەلیان کوتایـە سـەر بارەگـای دیموکراتـەکان لـە قـافلانك *(Qaflankuh)* لـە باشووری میانە، لە دوای بیست و چوار کاتژمێر لـە خۆراگراتـن، پێشـەوا دیموکراتیـەکان لـە هەلهاتندا بوون بۆ یەکیتی سۆڤیەت، کە سالێك بە سـەر ئـەو ڕۆژە تێپـەر بوبـو کـە دەسـتیان بەسـەر تەوریزدا گرتبوو.

پاريزگاری ديموكراتـەكان لـە بروسـكەيەكی خۆ تەسليم كردندا بە قەوامی سەرەك وەزيرانـی ئـيرانی ووتبـوو وا سـەرۆكی كـوردیو سـەيفی قازی، ئاگاداری ئەم بريارەيە و پـی‌ی راگەيـەنراوە وا چـاوەروان دەكريـت، ئـەويش فـەرمان بـەهيزەكانی بدات، كۆتـايی بـە شـەر و كينەيـە بهينی.

لـە ١٣ی تشـرينی يەكـەمدا، براكـەی قـازی محمـد سـەدری قـازی كـە ئـەندامی پەرلـەمانی ئيرانی و كاروباری نيوان براكەی و ئيرانيـەكانی لە مەهاباد ريك دەخست لە (مياندواو) دەركەوت، لـەوی چاوی بە ژەنـەرال همـايۆن كـەوت و پـی‌ی ووت، كـوردان ئامـادەن بـە ئاشـتی بـەخيرهاتنی سوپای ئيرانی بكەن، ژەنەرال همايۆنی ووتی كە ئەو داوای چۆل كردنی مەهاباد دەكات، لە لايـەن بەرزانيەكانەوە، سوپاكەی خۆی بە زوترين كات دەجولينيت.

پیاوانی چەند هۆزیکی سەر بە دەسەڵاتی ئیرانی لە لایەن خۆیەوە نارد لەوانە هەندیك دیبوکری مامش و مەنگور کە بە سەرکردایەتی کولونیلی رکن غەفاری کە لە عیراقەوە گەڕابوونەوە، ئەمانە کە نزیك مەهاباد بوونەوە لە لایەن نوینەری قازی محمدەوە بینران و پێی ووتن کە ریکەوتنەکەیان لەگەڵ جەنەراڵ همایۆنی دەربارەی داگیرکردنی شارەکە لە لایەن هیزی لەشکرەوە دەبیت نەك لە لایەن هیزەکان کە لە وانەیە کیشە دروست بکەن. لەدوایدا پیاوانی هیزەکە بی شەر وازیان هینا.

لە ١٥ی دیسەمبەری ١٩٤٦ دا پاش ئەوەی بەرزانیەکان چوون بۆ نەغەدە، سوپای ئیرانی چووە مهابادەوە ئەمە سەرەتای کۆتایی هاتن بوو بۆ سالیکی تەمەنی کۆمارە کوردیەکە.

سوپای ئیرانی، بەخیرهاتنیکی گەرم و گور کرا، قازی محمد و سەرانی لەشکری ئیرانی دیدەنی یەکتریان کرد بەڵام لە رۆژی ١٧ی

دیسەمبەر (کانونی یەکەم)، ژمارەیەك لە کورد گیران، لە رۆژی دواتریشدا، قازی محمد و سەیفی قازی و چەندەهایەکی دیکە گیران، تەنها ئەندامیکی حکومەتەکەی قازی محمد کە نەگیرا بوو حاجی بابا شیخ بوو، هۆی نەگرتنەکەشی، بە هۆی پایەی ئاینی یەوە بوو هەروەها ژمارەیەك لەو کوردانەی رایان کردبوو بۆ عیراق یان لە گوندەکاندا خۆیان شاردبۆوە، نەگیران.

سەرەرای گرتنیش سەرانی کورد، سزای زیاتر دران بەوەی مندالەکانی شیخ خرانە ژیر دەستی هۆزەوە بۆ ئەوەی تیایدا نیشتە جی بن، بە خۆرایی بخۆن، ئەم ریگایەش بە سزا دادەنری بی ئەوەی دادگایی کرا بن.

لە ٣٠ ی کانونی یەکەمیشدا سەدری قازیو براکەی لە مالەوە دەرهینان و، گیران، کە تازە لە تارانەوە گەرابوەوە لەگەل ئەوەی سالیکی تەواو بوو تارانی بە جی نەهیشتبوو تەنها بۆ کاری

(نیوانی) *Mediator* نەبێت کە حکومەتی ئێران پێی دەسپێردرا کەچی هەر گیراش.

لەشکری ئێرانی داوای لە خەڵك کرد کە هەر کەسێك داوایەك یان شەهادەیەکی هەیەی دژی گیراوەکان با بچێت پێشکەشی بکات، لە پاش دادگاییەکی سەربازی فەرمانی خنکاندن درا بە سەر هەریەکێك لە قازی محمد و سەدری قازی و سەیفی قازی‌داو لە ۳۱ی مارتی ۱۹٤۷ دا حوکمەکەیان بە سەردا جێبەجێ کردن و لاشەکانیان لە گۆڕەپانێکی مەهاباددا هەڵواسین[١٢].

حکومەتی سەربازی ئێرانی، پرۆگرامێکی بۆ نەهێشتنی هەموو ئاسەوارێکی حکومەتەکەی قازی محمد دانابوو هەموو رۆژنامە کوردیەکانی داخست، خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکاندا قەدەغەکرد و هەموو کتێبە کوردیەکانی بە ئاشکرا سوتاند.

بۆ پیشاندانی هێزیش لە بەردەم هۆزەکاندا، سوپای ئێرانی، یانزە لە سەرانی هۆزەکانی فەیزوڵا بەگی و گەورەیی لە سەقز خنکان.

پێویستە باسی لایەنێکی دیکەی گەرانەوەی شاری مهاباد بکرێت، ئەوە بوو کە لە دەوروبەری ئازربایجان کرێکار و جوتیار و دوکاندارەکان، هەر لە یەکەم دەرکەوتنی حکومەتی تارانەوە، هەرچی دیموکراتیەکانی ناوچەکە هەبوو، سەریانبری، ئەم بەرپەرچ دانەوە خێرایی یەی خەلکی، نیشانەیەکی ئاشکرا بوو بۆ رژێم، کە خەلك رقیکی زۆریان لە دیموکراتەکان بوو.

بەڵام لە مەهابادا، کاروبارەکان زۆر بە هێمنی بە رێوە دەچوون لەگەل ئەوەی پۆلیسی نهێنی بەسەر هەموو ناوچەکانی ئازربایجاندا زال بوو کەچی حکومەتی قازی محمد ئەم دەزگایەی نەبوو، نووسینی ئەم راستیە، ئەو راپۆرتانە دەسەلمێنیت کە حکومەتی قازی محمد، حکومەتیکی میللی بوو، لە باکوریشەوە عومەر

خان و ئەو هۆزانەی لە ژێر دەستیدا بوو هیچ بەشداریەکیان لەم چالاکیانەدا نەکرد.

سوپای ئێرانی، حەزی نەکرد بە زۆر ناچاریان بکات لە بەر ئەوە هیچ هەوالی جولەکەی بەرەو ئازربایجان بە عومەر خان نەوت، لە بەر ئەوە کاتێك عومەر خان هێزەکەی خۆی کۆکردەوە بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر دیموکراتەکان، شەرەکە کۆتایی هاتبوو.

عومەر خان و هۆزەکانی دیکە بە خێرایی بروسکەی دلسۆزیان نارد بۆ سەرانی ئێرانی هەمویان وەرگێرانەوە، تەنها زیرو بەگ نەبێت کە خۆی زۆر پرکاری دانوسان بوو لەگەل جەنەرال همایۆنی، بەڵام پیاوەکانی بۆسەیەکیان بۆ سەربازە ئیرانیەکان لە بالانش *balanesh* نزیك رەزائیە نایەوە، لە پاشدا زیرۆ بەگ ناچار بوو کە لەگەل کۆمەلە پیاویکی و ژمارەیەك لە ئاشووریەکاندا بەرەو شنروی را بکات لەوی گەیشتنە مەلا مستەفاو بەرزانیەکان. کە لە

حالــــەتی ئـــاگر بەســـــتیکی گومـــــان لی کـــــراو *Precarious truce* دابـوو لەگـەل حکومـەتی ناوەندی، مەلا مستەفا، بریاری حکومەتی ئیرانی، بـۆ دانـان و فـری دانـی چەکـەکانیان، یـان بـۆ گەرانەوەیان بۆ عیراق رەت کردەوە، سەر لەنوی جاریکی دی شەر دەستی پیّ کردەوە بەرەو ماکۆ، بۆ هەولیك بوو بۆ برینی سنووری سۆڤیەت.

**به کورتی**

هەولـەکانی دوایـی بـۆ دروسـت کردنـی حکومـەتیکی کـوردی، بـە داگـیرکردنی مـهاباد لـە لایەن ئیرانەوە کۆتایی پیهات هـۆی سـەرەکی ئـەم سـەرنەکەوتنەش یەکنـەگرتنی کوردانـە لـە نـاو خۆیـاندا، و یـەکیك لـە گرفتـە سـەرەکیەکانی بزوتنـەوەی نەتەوایـەتی کـورد پیویسـتە چـارە بکریت بەوەی نـەك تەنها سەرکردەکانیان، بەلکو نزیکـەی هـەموو کـادر و سەربازەکانیشـیان پیویستە لە روناکبیرانی شار بن، چونکە هەمیشە هیزی سەربازی بزوتنەوەکە لە هۆزەکان و سەرۆك خیلـەکان بـوون، ئەمانـە خوینـدەوار نـین هیـچ ئەندیشـەیەکیان نیـیە، ئـەوە نـەبیت چـاوەری لاواز بوونی دەسەلاتی حکومەت دەکەن بۆ ئـەوەی دەست بکەن بە تالان و بردن .

لە سالی ١٩٤٦ دا، لە کاتیکدا دژایەتی هیزە کوردەکـان لەگـەل حکومـەتی نـاوەندا کـاریکی

سروشــــتی بــــوو، کـــــەچی لــــە ژێــــر دەســــتی حکومەتەکــــەی قــازی محمدیشــدا هەســتیان بــە نارەحــەتی و وەرســـی دەکــرد، هـــەروەك لــە ژێــر دەستی حکومەتی ناوەندا بن، وابو، لەگەل ئەوەی ئەو لە خوین و گۆشتی خۆیان بوو.

لــە بــەر ئــەم رەفتارانــەی هۆزەکــان و گومــان کردنیــان لــە پەیوەندیــەکانی قــازی محمــد بــە ســۆڤیەتەوە، زۆربــەی زۆریــان روویــان کردبــوە لەشکری ئیران، هۆی هەرە سەرەکی و راستەوخۆ بۆ کەوتنی کۆمارە کوردیەکە، دەستەبەرنەکردنی، پیویستیە سەربازیەکان بوو، لە لایەن سۆڤیەتەوە.

ئــەم پارتــە نەتــەوەیی یــە گەنجــە، توانـــی زوربــەی کــوردە روناکبیرەکــان لــە دەوری خـــۆی کۆبکاتـــەوە، بـــەلام چوونـــی بیگانـــە بـــۆ نـــاو ریزەکانیــان و بــەکارهینانیان بــۆ بــەرژەوەندی و مەبەســـتە تایبەتیــەکانی خۆیــان، بــووە هـــۆی داروخان و کەوتنی.

ئـەو دەولەتـە گچکەیــە لــە ژێــر پارێزگــاری سوپای سووردا دروست بوو.

کاتێك کوردان، هیوا بڕ بوون لە یارمەتی ئەو سوپایەو کاتێکیش ئێرانیـەکان لـەو نەگەڕانەوەیـە دڵنیـا بـوون، ئـەوا هیـچ دەرفـەتێکی مانـــەوەی بزوتنەوەکەی قازی محمد نەمابوو لـە بەرئـەنجامی گشتی ئەم بەشە تراژیدیایە.. بۆژانەوەیەکی بەهێز بوو بۆ پەرەسەندنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد.

راستە ئێستا، نـە کۆمەڵـە مـاوە و، نـە پـارتی دیموکراتـی کوردسـتان، و چـەندەها لـە پێشـــەوا بـەتواناکانی کـورد کـوژران یــان گــیراون، یــان دوورخراونەتـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشــدا، ئەمــە ئەوە ناگەیەنێت کە بزوتنـەوەی نەتەوایـەتی کـورد تەواو بووە.

کۆمــارە کوردیەکــە، لـــە لایـــەن کەســـانی پێشکەوتن خـوازی خەڵکەوە دروسـت بـوو، و لـە لایـــەن ئەمانیشــــەوە پشـــتگیری لێ دەکـــرا، وەك دەریـش دەکـەوێت، ژمارەیـان و گرنگیـان رۆژ بـە

رۆژ زۆر گەورە تر دەبیت. و کۆمارەکەش تەنها لە لایەن چەند چینیکەوە بوو کە بەرەو نەمان دەروات.

ئەوە ماوەتەوە بزانین، ئایا بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی، لە توانای دا هەیە، لە ناوچەیەکدا بیت، کە تا ئیستا نەناسراوەو و تا ئیستاش خەلکی دلسۆزی سەرەتایی خۆیان دەدەن بەسەرکردە ئاینی و خیلەکیەکان.

هەرگیز کورد، لە دەولەتیکی کوردی جیگری تایبەت بە خۆیاندا یەکیان نەگرتوە، هەرگیز بۆشیان نەلواوە، دلخۆش بن بە بونی کەلتوریکی یەکگرتوی خۆیان و بە هۆی بەربەستی شاخەکانەوە، لە یەکتری دابراون، و هەمیشە بۆ جی بەجی کردنی کاروبارە کەلتوری و ئابوریەکانیان رویان کردۆتە ئەو پایتەختانەی کە لە وولاتەکەیدا ژیاون.

ئەگەر هەر یەکیك لەو وولاتانەی کوردی تیدا دەژی، جۆرە (ئۆتۆنۆمیەك)ی خۆجیەتیان

بدەنــی و واز لـە هــیزی تونـد و تیـژی بـهینن بــۆ سـەپاندنی ناسـنامەی نەتەوەیـەکی نـامۆ پییـان. ئـەوا دەتوانریـت دلســۆزیەك ***Loyality*** بەدەســت بهینریت، هـەروەك ئـەوەی لـە سویسـرا بـە دەسـت هاتوە، و چەندەها نەتەوەی تیا دەژی.

دەولەتە عەرەبیەکان دەستیان بەم ئاراستەیە کــرد و رەچــاوی سیاســـەتیکی وەك ئـــەوە لـــە ئیرانیشـدا دوور لـە دەســت تیوەردانــی بیگانــە، لەوانەیـە ببیتـە هـۆی یەکیتیـەکی پتـەو، لـە بریـتر جیابوونەوەی دوو نەتەوەی ناو یەك دەولەت.

## پەراویزەکان

١-جــل و بــەرگی کــورد. لــە جامانەیــەکی گولنکــەداری ئاوریشــمی شــین و رانکیکــی پــان و پـۆر و شــۆری خۆلەمیشــی و چۆغەیــەك کــە لــە خوریــەکی لــە مالــەو رســتراو پیــك هــاتوە، وە پشتوینیکی گــەورەی قرمــزی بــە دەوری پشــتیدا یەتــەوە، کــە لــە پیشــەوە گرییــەکی لی دەدریــت. ســەری ســەبیل و تورەکــەی توتــن و خەنجــەریکی دریژی کەوانەیی لیوە دیارە.

کوردەکان وەکو گەلانی دیکەی ئێرانی جلی خۆمـاڵی خۆیـان لـە لایـەن رەزا شـاوە لیٚ قەدەغـە کرابـــوو، لەبەرئـــەوە لەماڵـــەوە جلـــە نەتەوایەتییەکانیان دەشاردەوە ، و وەك هێمایەك

بــۆ شــانازی میللی‌یــان، تــاکو داگــیر کردنــی هاوپەیمانەکان بۆ ئەو ناوچانە کە یەکسەر خۆیان بە لەبرکردنی جلە کوردی‌یە شـاراوەکان پۆشـتە کردەوە.

بەڵام لە راستی‌دا باوانی هـۆز لە شـارەکاندا پارێزرابوون هەرگیز ڕۆژێك لە رۆژان جل‌و بەرگی خۆیـان لیٚقەدەغـە نـەکرابوو کـوردان زۆر بایـەخ بەجل‌و بەرگی جوان دەدەن، هەژار ترین کەسیان، حەز دەکات هەچی پارەو پولێکی هەیە بیدات بە پشتێنێکی جوان نەك نان‌و کەبابێکی بەلەزەت.

ئەم زەبرو زەنگەی ڕەزا شا و قەدەغە کردنـی جل‌و بەرگیان، لەناو کوردەکانی ئێراندا ، زیـاتر رق و کینــەی بــۆ خــۆی‌و ڕژێمەکــەی دروســت کردبوو.

٢-بۆ دوان دەربارەی پارتی تودە بڕوانە (جورج لیسنرۆڤســـکی - *Lenczowski George*) (بوزتنـەوەی کۆمۆنیسـتی - *The commonist*

ل *In iran) Middle East Journal*(*movement*
٢٩-٤٥ / ١٩٤٧).

٣-زیرۆ بەگ لە بنەڕەتدا، سەرۆکی ڕێگران بوو *Bandit chief* کە لە بنەچەدا هاوکاری لەگەڵ سەرۆکە یاخی بوەکەی شکاك، سمکۆ کرد بوو، پاش شکانەکەی و کوژرانی لە لایەن شاوە، زیرو بەگ بەرەو عێراق رای کردبوو. لە ١٩٤١ دا هاتەوەو توانی لە دۆڵی باراندۆز *Baranduz*، بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر زەوی و زار و دەستەڵاتێك بۆ خۆی پەیدا بکات، و زۆربەی جار لەگەڵ ئەفسەرو بەرپرسە سۆڤیەتیەکاندا دەبینرا، وا هەست دەکرا کە پارێزراوێکی خۆشەویست بێت لایان، لەگەڵ ئەوەی کە لە هۆزەکەی (هەرکی) خۆیدا ئەو بایەخە زۆرەی نەبوو، چونکە تا ئەو کاتەش هەر دوای سەرۆك هۆزەکانی خۆیان دەکەوتن کە سەرۆکایەتیان لە باوو باپیرانیانەوە بۆ مابوەوە بەلام بە هۆی پەیوەندی و یارمەتیەکانی سۆڤیەتیەوە، توانی رۆڵێکی پڕ

بایەخ لە پێش خستن و پەرەسەندنی کوردستاندا ببینێت.

٤-فەرمانبەرەکانی دیکەی حکومەتە نوێیەکە بریتی بوون لە:

حاجی بابا شێخ، کە رابەرێکی ئاینی ناوچەکە بوو، بوە سەرۆك وەزیران، صادق حیدری وەزیری کار و پڕو پاگەندە، مناف کریمی وەزیری پەروەردە، محمد امین معینی وەزیری بازرگانی، ئەحمەد ئیلاهی وەزیری خەزێنە، سید محمد زادە وەزیری تەندروستی، خلیلی خەسرەوی وەزیری ناوخۆ، تەنها یەکێك لەمانە لە دروست کەرانی کۆمەڵە بوو، ئەوانی دیکە هەموو لە چینەکانی ناوەڕاست، یان چینە بالآکان و ووردە بازرگانەکان و فەرمانبەر و خاوەن زەوی بوون.

٥-پەیماننامەکە لە تەورێز، لە لایەن پێشەوەری بیریا، دکتۆر جەواد و سادق پادیگان لە بەری ئازربایجانی دیموکراتی، و قازی محمد و سید

عبدالله گەیلانی و عمر خانی شکاك و زیرۆ بەگی هەرکی و رشید بەگی هەرکی لە بەری کوردی ئیمزایان کرد.

٦-سنه (سنندج) پایتەختی هەریمی کوردستان بوو لە پیشدا میرنشینی سەربەخۆی ئەردەلان بوو کە سەقز و بانەشی دەگرتەوە، بەلام سەردەشتی تیدا نەبوو، چونکە لە رووی بەریوە بردنەوە سەر بە ئازربایجان بوو.

لەم ووتارەدا ووشەی (کوردستان) تەنها بۆ هەریمەکەی قازی محمد بەکار هاتوە کە هیچی لە ناو پاریزگای کوردوستاندا نەبوو.

٧-لە کۆتایی دا سووپای سور لە ٩ی مایسی ١٩٤٦دا ئیرانی بە جیهیشت.

٨-کوردەکان زۆر گومانیان لە حەمە رەشید خان دەکرد چونکە کاتیك بە بەردەوامی و بە نهینی دانوسانی لەگەل سوپای ئیرانی دا دەکرد بۆ سەر لە نوی دانانەوەی بە پاریزگاری بانە. لە هەمان کاتدا چ کوردەکان و چ ئیرانیەکان

گومانیان لـه پەیوەندیـیـە پـر لـە تـەمومژەکانیان هەبوو لەگەل بەریتانیەکان، لە مانگی ئابدا کاتیك زانی پلانیك لە مەهاباد بۆ کوشتنی هەیە، رای کردەوە عیراق.

٩-ئەفسـەر پـەیوەندی کـورد، کۆلۆنیـل محمـد نانەوا زادە بوو، کە یەکیك بوو لە دامەزرینـەری کۆمەلە لە پاشدا لە کارەساتی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەیـەکی ئیرانی نزیك شاری بانەدا مـرد، کـە خۆی یەکیك بوو لە سەر نشینەکانی ئەو فرۆکەیە.

١٠-لـە کـاتی کۆمەلـەدا، چـەند بلاوکراوەیـەکی دیکە دەرچوو لەوانە: *(گەلاویژ)*، *(نیشتمان)* کـە ئۆرگانی حیزبەکە بوو لە بەرگەکەیدا وینەیـەکی سـەلاحەدینی ئـەیوبی هـەبوو، لـە عیراقیشـدا، هەروەك ئیران بلاوکرانەوەی فراوان هەبوو.

١١-دواتریـن راویژکـاری سـۆڤیەتی کـە نـاوی *(ئەسـەدوڤ Asadov)* بـوو، تـا رۆژانـی دوای

كۆمارەكەش هەر لە مەهاباد بوو، لە دوايدا راى
كردەوە ناو قونسوليەتى سۆڤيەتى لە تەوريز.

## سەرچاوە

*Archie Roosevelt: The Kurdish Republic of Mahabad*
*The Middle East Journal -*
*Vol 1 July 1947 No. 3 -*
*Pp 2 47 269 -*


U. S. S. R.
CASPIAN SEA
AZERBAIJAN
IRAN
KHAMSEH
IRAQ


THE

MIDDLE EAST

JOURNAL

VOLUME 1 | JULY 1947 | NUMBER 3

THE KURDISH REPUBLIC
OF MAHABAD

*Archie Roosevelt, Jr.*

**کۆماری مەهاباد**

ئەو گۆڤارەی وتارەکەی تیدا بلاوکراوەتەوە